




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه اما بعد؛**

لای هەموو کەس ئاشکرایە کە موسڵمانان ئەمڕۆ پارچە پارچە بوون و ئەوەش بووە بە هۆی لاوازی و بێ هێزی و بێ توانایی موسڵمانان بەرامبەر بە دوژمنەکانیان و زەلیل بونیان ، وە ئەوە وای کردوە کە موسڵمانان دوور بکەونەوە لە قورئان و سوننەت و ڕێگرێکە لە تێگەیشتنی زۆربەی خەڵک لە ئیسلامی ڕاستەقینە ئەو ئیسلامەی کە خوای گەورە دایبەزاندووە بۆ پێغەمبەرمان **صلى الله عليه واله وسلم** نەک ئەوەی کە ئەم فیرقەو حیزبانە هەر یەک بە مەسلەحەتی خۆی لێکی ئەداتەوە دیارە ئەمە واقیعێکە کەس نا توانێ لاری لێبکا , بەلاّم ئەوەی کە زیاتر ئەم واقیعە تاڵ ئەکات و تاڵی کردوە ئەمەی کە ئەبینرێ بەناوی ئیسلام خەڵکی بێ تاوان و خەڵکی موسڵمان ئەکوژرێ و بە ئاشکراش ئەڵێن ئەمە جیهادەو ئەمە واجبی شەرعە ئێمە ئەیگەینین کە خوای گەورە لە سەرمانی داناوە ! من ئەمەوێ هەڵوێستی سەلەفی واتە هەڵوێستی موسڵمانی ڕاستەقینەو ئیسلام ئەو ئیسلامەی کە پێغەمبەر **صلى الله عليـه واله وسلم** وە هاوەڵە بەڕێزەکانی لەسەری بوون ڕەزای خوایان لێبێ ڕوون بکەمەوە دەربارەی ئەم شتانەی کە باسمان کرد وە چەند شتێکی تریش کە پێویستە هەموو موسڵمانێک لێی ئاگادار بێت وە تەنها داوا لە خوای گەورە ئەکەم یارمەتیم بداو سەرکەوتوم بکات و بەرەکەت بخاتە کارەکانمان و ئەم نوسینە.

### ٭ ئایا حیزبایەتی لە ئیسلامدا هەیە ؟

پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە و بزانین کە لە ئیسلام ڕێگا لە حیزبایەتی و پارچە پارچە بوونی موسڵمانان گیراوەو زۆر بە توندی لە قورئان و سوننەتەوە ئاگادار کراوینەتەوەو نەهیمان لێکراوە لە پارچە پارچە بوون و پشت لە یەک کردن و لێک جیابونەوە، بەلاّم کەسێک بۆی هەیە بپرسێ ئەگەر وایە ئەی بۆچی و چۆن ئەو هەموو حیزبە بەناوی ئیسلام دروست ئەبن و ئەڵێن ئێمە کار بۆ ئیسلام ئەکەین و خزمەتی موسڵمانان ئەکەین !؟ وەلاّمەکەی ئاسانە ئێمە ئەبێ ئەوە بزانین کە ئیسلام دینی خوای گەورەیەو لە ئاسمان بۆ پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** دابەزیوە، وە ئەو دینە دینێکی تەواوەو هیچ کەم و کوڕیەکی تێدا نیە ، هەرچی لە خوای گەورەمان نزیک ئەکاتەوەو ئەمانگەیەنێ بە بەهەشت و خێری دونیاو قیامەتی ئێمەی تێدایە پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** بۆی ڕوون کردوینەتەوە و نیشانی داوین ، وە هەرچی شتێک کە لە خوای گورەمان دوور ئەخاتەوەو بەرەو جەهەننەممان ئەبات پێغەمبەر **صـلى الله علـيه واله وسلم** ئاگاداری کردوینەتەوە لێی بەڵگەش فەرمودەی خوای گەورەیە **{ الـيوم اكملـت لكم دينكم واتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الاسلام دينا } المائدة ٣** وە ( ابو ذر ) ڕەزای خوای لێبێ ئە فەرموێ : **تركنا رسول الله صلى الله عليه واله وسلم وما طائر يقلب جناحيه في الهواء الا وهو يذكرنا منه علما، قال فقال صلى الله عليه واله وسلم : ( ما بقي من شيء يقرب من الجنة ويباعد من النار الا وقد بين لكم ) سلسلة احاديث الصحيحة ١٨٠٣** . ئەگەر حیزبایەتی خێری هەبوا ئەوە بێگومان پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه والـه وسلم** بە ئێمەی ڕا ئەگەیاند ، ئەگەر حیزبایەتی لە دیندا بوایە خوای گەورە بیری نەئەکرد فەرمانی پێ ئەکردین **{ وما كان ربك نسيا }** .باشە ئەگەر حیزبایەتی لە دیندا نەبێ و ئێمە بڵێین دینەو خزمەت بە ئیسلام و موسڵمانان ئەکا لە گەڵ ئەوەی کە پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه واله وسلم** و هاوەڵە بەڕێزەکان خوا لێیان ڕازی بێ نەیانکردوە ئەوا ئەوە ئەگەینێ کە بڵێین ئێمە باشتر لە پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسـلم** وە هاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێبێ ئەزانین و چاکتر لەوان خزمەتی ئیسلام ئەکەین ! ئیتر شەرم لە خوای گەورە بکەن بەوەندە ڕازی بن کە خوای گەورە بۆی داناوین و پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** و هاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێبێ لە سەریبون ، وە هەر ئەوەش لەسەر ئێمەیە شوێنی ئەو دینە بکەوین کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەری **صلى الله عليه واله وسلم** دابەزاندوە نەک شوێنی هەواو ئارەزوی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هـیچ گـروپ و هـیچ حیزبێک بکەوین وەک خوای گەورە ئەفەرموێ : { **اتبعوا ما انزل اليكم من ربكم ولا تتبعوا من دونه اولياء قليلا ما تذكرون** } **الاعراف٣** .

### ✱ ترساندن و ئاگادار کردنەوە لە پارچە پارچە بون و حیزبایەتی

لەگەڵ ئەوەی کە حیـزبایەتی شتێکی باش نیەو لە ئیسلامدانیە زۆر بە توندیش خوای گەورە ئێمەی لێ ترسـاندووەو ئاگاداری کردوینەتەوە لەوەی پارچە پارچە بین خوای گەورە ئەفەرموێ : { **ولا تكونوا من المـشركين . مـن الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا كل حزب بما لديهم فرحون** }**الروم ٣١،٣٢** وە { **ان الذين فرقوا دينهم وكانـوا شـيعا لست منهم في شيء** }**الانعام ١٥٩** وە { **ولا تكونوا كالذين تفرقوا واختلفوا من بعد ما جاءهم البينات** }**ال عمـران ١٠٥** وە { **واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا** } **ال عمران ١٠٣** ئـەم ئایەتە پیرۆزانەو چەندین ئایەتی تـر لـە قـورئانا ئاگادارمـان ئەکەنـەوەو نەهـیمان لـێ ئەکـەن لـە پارچە پارچە بوون و حیزبایەتی و جیا بـونەوە لـە یەکتـر وە بـۆمان ڕوون ئەکەنـەوە کـە ئەمـە کـاری موسـڵمان نـیە بەڵکـو کـاری ئەوانەیـە کە هـاوبـەش بـۆ خـوای گـەورە بڕیـار ئەدەن ئەوانەی ئاوا پارچە پارچە ئەبن و لێک جیا ئەبنەوە پێغەمبەر **صـلی الله علیه واله وسلم** لێیان بەریە ، وە هـەروەهـا پێغەمبەریش **صلی الله علیه واله وسلم** لە چەندین فەرمودە ئێمەی ئاگادار کـردۆتەوە لـە پارچە پارچە بون و لێک جیا بونەوە بۆ نمونە ئەفەرموێ : ( **افترقت اليهود علـى إحدى وسبعين فرقة ، فواحدة في الجنة وسبعين في النار ، وافترقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة فواحدة في الجـنة وإحـدى وسـبعين في النار ، والذي نفسي بيده لتفترقن أمتي على ثلاث وسبعين فرقة ، فواحدة في الجنة وثنتين وسبعين في النار ، قيل يا رسول الله من هم قال : هم الجماعة** ) **سلسلة احاديث الصحيحة ١٤٩٢** وە ( **...... ولا تختلفوا ، فـان من كان قبلكم اختلفوا فهلكوا** ) **رواه مسلم** ئەبـینین چـۆن پێغەمبەری خوا **صلی الله علیه واله وسلم** ئاگادارمان ئەکاتـەوە لە پارچە پارچە بون و لێک جیابونەوەو ڕوونی کردۆتەوە بۆمان کە ئەوە هۆی لەناوچون و هیلاکـیەو هەمـوو ئەوانـە بـۆ جەهەنـنەمن کـە پارچـە پارچـە ئـەبن تـەنها یـەک کـۆمەڵ نـەبێ ئەوانـیش ئەوانـەن کـە لەسـەر ئەو دینە ئەمێننەوە پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** و هـاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێ بێ لەسـەری بـون ، وە لـە فەرمودەیەکـی تـر هـاتـووە کـە ئـیمام بـوخاری ڕەحمـەتی خـوای لـێبێ ئـەی گێڕێتەوە لـە جابـر ڕەزای خـوای لـێبێ باسـمان بـۆ ئـەکا کـە لەگـەڵ پـێغەمبەر **صـلی الله علیه واله وسلم** لـە غەزایـەکا بـوون دوو کـەس لـە مـوهاجیرو ئەنسار بوو بە کێشەیان یەکیان وتی ئەی ئەنسار وە ئەویتر وتی ئـەی مـوهاجیرەکان ، پێغەمبەر**صلی الله علیه واله وسلم** کە ئەمەی بیست فەرموی : ( **ما بال دعوى الجاهلية** ) پاشـان کە کێشەکەیان بۆ ڕوون کردەوە پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** فەرموی : ( **دعوها فانها خبيثة** ) . ئـەزانین کـە ئـەم دوو نـاوە مـوهاجیرو ئەنسار دوو نـاوی شـەرعین لـە قـورئانا مەدحـیان کـراوە بەڵام ئەگـەر ببێ بەهۆی لێک جیابونەوەو ئاژاوە لەناو موسڵمانان پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** فەرموی : ( **دعوها فانها خبيثة** ) ئـاوا بەتـوندی نەهی لێکردن ئەی چی ئەڵێی بەم حیزبانە !!! وە ئایەتو فەرمودە زۆرن بەڵام ئەوەندە بەسە بۆکەسێک ژیربێ وە بەدوای ڕاستی بگەڕێ .

### ✱ لادانی چەند پەردەیەک وە ڕەواندنەوەی چەند شوبهەیەک

لەگـەڵ ئـەوەی کـەڕوونمان کردەوە کە حیزبایەتی و پارچە پارچە بون لە ئیسلامدانیە بەڵام ئەم حیزبە ئیـسلامیانە کۆمەڵـێک شـوبهەو تەلبـیس ئەهـێننەوە بـۆ ئـەوەی کـاری خـۆیان بەکارێـکی شـەرعی و ئیـسلامیانە نیـشان بـدەن وەک : ١_ ئەڵـێن ئـێمە بانگـەواز ئەکـەین بۆ ئیسلام ئەمەش ئەرکێکی شەرعیە خـوای گـەورە ئەفەرمـوێ : { **ولتكن منكم أمة يدعون الى الخير ويأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر** } **ال عمـران ١٠٤** ئەڵـێن خـوای گـەورە فـەرمانی پـێکردوین کۆمەڵـێک ئەمر بەچاکە بکەین و نەهی لەخراپە بکەین و بانگـەواز بـۆ ئیسلام بکـەین ئـەوەش بـە حیـزبایەتی نـەبێ ناکـرێ ! وەڵامـی ئـەو شـوبهەیە ئاسـانە باشە پـێغەمبەر **صـلی الله علیه واله وسلم** لەگـەڵ هـاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لەسەربێ بە حیزبایەتی بانگەوازیان بـۆ ئیـسلام ئەکـرد !؟ ئەگـەر وایە فەرموو ڕوونی بکەنەوە لە دیندا شاراوە نیە ئەگەر وانیە شەرم بکەن لەخـوای گـەورە یـانی ئێـوە باشـتر لـەوان بانگـەواز بـۆ ئیـسلام ئەکـەن ! بەڵێ بانگەواز کردن بۆ ئیسلام



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

واجبێکی شەرعی و ئەرکی موسڵمانانە بەڵام بەحیزبایەتی ناکرێ بەڵکو بە زانست (علم)ی شەرعی ئەکرێ ، باشە بزانین ئەم حیزبایەتیە چ خزمەتێکی بە بانگەوازی ئیسلام گەیاندوە با موقارەنە بکەین لە بەینی بانگەوازی ئەم هەموو حیزبەو تەنها یەک زانا بۆنمونە ئیمام ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت کەهیچ حیزبایەتیشی نەکردوەو هیچ حیزبێکیش یارمەتیان نەداوە بەڵکو دژایەتیان ئەکرد ، ژیانی هەمووی لە دەربەدەری و سجن و ئەشکەنجە بردۆتە سەر ، با بزانین بەهەموو ئیخوان موسلیمین و حیزبە ئیسلامیەکان بە قەد ئەو ئیمامە بەڕێزە خزمەتیان بە بانگەوازی ئیسلامی کردووە ئیمام ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێ خوای گەورە کردی بەهۆی نوێ کردنەوەی ئەم دینەو گەڕانەوەی زۆری موسڵمانان بۆ سوننەت و ڕێگای پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** وە زانستی ئەو ئیمامە پڕی دونیایە ، بەڵام ئەو هەموو حیزبە ئیسلامیانە بەو هەموو ئیمکانیاتە زۆرەوە چیان بۆ ئیسلام کردوە ، کوا بانگەوازیان بۆ ئیسلام مەگەر ئەوە نەبێ بوون بەهۆی لاوازی و پەرتەوازەیی و ڕق لە یەکتر بونەوەو ئاژاوەو شەڕ لە بەینی موسڵمانان وە زیادە ڕەوی ناکەم ئەگەر بڵێم بوون بەهۆی دوور کەوتنەوەی خەڵک لە ئیسلامی ڕاستەقینەو ئەترسن لە ئیسلام و مزگەوت و ئەوەی باسی ئیسلامیان بۆ بکا پەنا بەخوا!!! ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بانگەواز بۆ ئیسلام بە زانستی شەرعی و دەست گرتن بە ئیسلامی ڕاستەقینە ئەبێ وە بە شوێن کەوتنی پێغەمبەرمان **صلى الله عليه واله وسلم** ئەبێ نەک بە حیزبایەتی .

أ_ ئەڵێن ئێمە بەرگری ئەکەین لە ئیسلام و مزگەوت و موسڵمانان وە ئەگەر ئێمە نەبین کەس ناتوانێ باسی ئیسلام بکات و بە ئازادی خوا بپەرستێ ! بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە باشە لەوەتەی ئیسلام هاتوە چۆن خوای گەورە پاراستویەتی باشە بۆ بەرگری لە ئیسلام پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** وهاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێبێ پەنایان بردە بەر حیزبایەتی یان خۆڕاگر بوون و لایان نەئەدا لەو فەرمانانەی خوای گەورە دایئەبەزاند لە ئاسمانەوەو ( توكل ) یان تەنها لەسەر خوای گەورە بوو ، ئەمە بوو هۆی سەرکەوتنیان بەسەر هەموو دوژمنەکانیان و پاراستنی ئەم دینە نەک حیزبایەتی ، ئەمانە ئەیانەوێ وا لە خەڵک بگەینن کە ئەم حکومەتەی هەیەو سەرۆکی کوردستانی ئێستاش دژی ئیسلامن و ئەگەر لەبەر خاتری ئەوان نەبێ هەرچی بڵێ موسڵمانم لەناوی ئەبەن و هەرچی مزگەوتە ئەیروخێنن ! باشە ئەمە ڕاستە یان پێچەوانەکەی ئێوە بوون بەهۆی ئەوەی خەڵک سەری لێ تێک بچێ و ڕێگای ڕاستی لێ ون ببێ و بشترسن لە ئیسلام و نەوێرن منداڵەکانیان بنێرن بۆمزگەوتەکان نەوەک توشی ئەم بیرە پوچە ببن کە تەکفیر کردن و بە حەڵاڵ زانینی خوێنی موسڵمانانە ! پێمان بڵێن ئێوە چیتان کردوە بۆ موسڵمانان و مزگەوت غەیری ئەوە نەبێ کە لە مزگەوتەکانا تیپی سروود ( گۆرانی ) و تیپی تۆپێن و مەشغول کردنی منالّی موسڵمانان بە گۆرانی و دەف لێدان و فێرە حیزبایەتی کردن و ئیستیغلال کردنیان بۆ سیاسەت و مەسلەحەتی حیزبەکانتان ! بزانین چی ترتان کردوە لە غەیری ئەوەی کە فێریان بکەن ئەو مەلاو ئەو خەڵکانەی لە مزگەوت ئەیان بینن  موونافیق و دوو ڕوون و نوێژ لە دوای ئەم مەلایانە ناکرێ چونکە سەر بە وەزارەتی ئەوقافن و وەلایان هەیە بۆ یەکێتی و پارتی ، باشە ئەمە خزمەتە بە ئیسلام و بەرگری کردنە لە مزگەوت و موسڵمانان ! ئەوە خزمەتە کەهەر منالّێک لە مزگەوتێکا بکەن بە ئەمیرو حیساب بۆ هیچ مەلایەک نەکەن و بە بێ زانستی شەرعی بە ئارەزووی خۆیان فەتوای کوشتن و برینی ئەم خەڵکە بێ تاوانە بدەن ! باشە بزانین ئێوە بوون بەهۆی ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتەکا ن و گەڕانەوەی خەڵک زیاتر بۆلای ئیسلام یان بوون بەهۆی ئەوەی کە مزگەوتەکان بکەونە ژێر چاودێری و خەڵک بترسێ لە هاموشۆکردنی بۆی وەنەهێڵن منالّەکانیان تەنانەت بۆقورئان خوێندن و نوێژی جەماعەتیش بچن هەمووی لەبەر ئەم کارە هەڵەو ناشەرعیانەی کە باسمان کرد ، با ئەوەش بزانین پێش هەبونی ئەو حیزبە ئیسلامیانە سوپاس بۆ خوا هیچ کێشەیەک نەبوو خەڵک بەئازادی ئەچوون بۆمزگەوت و هەموو هاوینێک منالّەکانیان ئەنارد بۆئەوەی فێری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قورئان خوێندن بن له مزگەوت تەنانەت له سەردەمی بەعس کەهەمووکەس ئەزانێ چەند دڕندە بوون بەرامبەر بە ئیسلام و موسڵمان ئینجا کوردیش بێ ! لەگەڵ ئەوە من بیرم دێ هەموو هاوینێک منداڵانی گەڕەک ئەچوین بۆمزگەوت و هیچ ڕێگرێک نەبوو لە پێشمان تا ئەم ساڵەی حیزبێکی ئیسلامی دروست بوو لە خزمەتەکانیان ئەوە بوو تەقاندنەوەو تیرۆر کردن و ئەچون لە میکرۆفۆنی مزگەوت قسەیان ئەوت بە بەعس و ڕایان ئەکرد ئەمە بوو بەهۆی داخستنی مزگەوتەکان و چاودێری کردنی مەلاکان زیاترو ئازاردانیان ، باشە کێ ئەمە بەخزمەت ئەزانێ !؟ بەکورتی ئەم دینە مولکی خوای گەورەیە هەرخۆشی ئەیپارێزێ ، ئەوەی لەسەرئێمەیە لەفەرمانەکانی خوای گەورە دەرنەچین و شوێنی پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** بکەوین ئەوکاتە خوای گەورە لەدونیاو قیامەت سەرکەوتومان ئەکات ، بەلاّم لادان لەڕێگای پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** هیچ سودێک ناگەینێ بە موسڵمانان غەیری ماڵ وێرانی و لاوازی و ڕووڕەشی قیامەت .

٣_ ئەڵێن ئەی باشە ئێمە کە ئەبینین کەئەو هەموو حیزبە عیلمانی و ئیلحادیانە دروست بوون وە هەندێکیان بەئاشکرا دژایەتی ئیسلام ئەکەن ئێمە وا دانیشین ساحەکە بۆیان چۆل بکەین ؟ لەوەلاّم ئەڵێین نەخێر کەس ناڵێ ئێوە دانیشن و ساحە بۆیان چۆل بکەن بەلاّم ئەڵێین باشتێ نەکەین بەناوی ئیسلامەوە کە لە ئیسلامدانیەو ئیسلام لێی بەریە ، ئەو واقیعە نابێ وا لەئێمە بکا کە بەشێوەیەک هەڵوێست وەربگرین ڕەددی بکەینەوە بەشتێک کە خوای گەورە ڕێگای پێنەداوە ، با سەیری پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** بکەین لەمەککە لەچ واقیعێک ئەژیاو چۆن دژایەتیان ئەکرد لەگەڵ هاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێبێ توشی ئازارو ئەشکەنجەو دەربەدەری ببون ، لە واقیعێک بوون کە لە هەموو ڕوێکەوە لەو واقیعەی ئێمە تاڵ ترو ناخۆشتربوو ، بەلاّم ئارامیان ئەگرت و پەنایان نەدەبردە بەر حیزبایەتی و تیرۆرو شتێک خوای گەورە ڕێگای پێنەدابێ ، لەگەڵ ئەو هەموو ئێشو ئازارو ئەشکەنجە خوای گەورە فەرمانی پێئەکردن ئارام بگرن و بەردەوام بن لەسەر بانگەوازەکەیان و کاری ناشەرعی نەکەن : { **فاستقم كما امرت ومن تاب معك ....** } **هود ١١٢** وە { **ثم جعلناك على شريعة من الامر فاتبعها ولا تتبع اهواء الذين لا يعلمون** } **الجاثية ١٨** وە { **فاصدع بما تؤمر واعرض عن المشركين** } **الحجر ٩٤**. بەڵێ لەسەرمانە بانگەواز بکەین بۆ ئیسلام و ئەمر بەچاکە بکەین و نەهی لەخراپە بکەین ، بەلاّم بەوشێوەیەی خوای گەورە ڕێگای پێداوە بە عیلم و حیکمەت نەک بە حیزبایەتی و لاسایی کردنەوەی عیلمانیەکان لە حیزبایەتی !

٤_ ئەڵێن ئێمە ئەمانەوێ حوکمی شەرعی خوای گەورە بگەڕێنینەوە و ئەمانەوێ حیزبایەتی وەک وەسیلەیەک بەکاربێنین بۆ گەڕانەوەی حوکم کردن بەشەریعەتی خوای گەورە ! بەڵێ چۆن حوکمی خوای گەورە ئەگەڕێننەوە بەشتێک کە لەحوکمی خوای گەورە حەرامەو نابێ و ناگونجێ بۆ موسڵمان ، بەڵکو لە پیشەو کاری کافرو موشریکەکانە ! چۆن خۆمان موخالەفەی حوکمی خوای گەورە بکەین و بڵێین ئەمانەوێ حوکمی خوای گەورە بگەڕێنینەوە ! ئەوەتان پێ ئەڵێین کە خوای گەورە ئەفەرموێ : { **اتامرون الناس بالبر وتنسون انفسكم وانتم تتلون الكتاب افلا تعقلون** } **البقرة ٤٤** وە { **ولا تلبسوا الحق بالباطل وتكتموا الحق وانتم تعلمون** } **البقرة ٤٢** حوکمی خوای گەورە بە بانگەوازکردن بۆ ئیسلامی ڕاستەقینەو گەڕانەوەی خۆمان بۆ ئەو ئیسلامەو جێ بەجێ کردنی پێش خەڵک ئەبێ نەک بە حیزبایەتی و لاسایی عیلمانیەکان و شەڕکردن لەسەر کورسی !!!

### * چۆن بانگەواز بۆ ئیسلام بکەین ؟

ئەبێ بەوشێوەیە بانگەواز بۆ ئیسلام بکەین کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووەو پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** بۆمانی ڕوون کردۆتەوە ، نەک بەوشێوەی ئارەزومان ئەیخوازێ و سیاسەت لەگەڵیا ئەگونجێ و خەڵک زیاتر بەدەورمان کۆئەکاتەوە و دەنگمان زیاد ئەکاو کورسیمان مسۆگەر ئەکات ! خوای گەورە ئەفەرموێ : { **قل هذه سبيلي أدعوا الى الله على بصيرة أنا ومن اتبعني وسبحان الله وما انا من**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**المشركين** } **يوسف** ١٠٨ ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕێگای پێغەمبەرمان **صلی الله علیه واله وسلم** وە ئەوانەی بەڕاستی شوێنی ئەکەون بۆ ڕوون ئەکاتەوە کەچۆن بانگەواز ئەکەن بۆلای ئیسلام یەکەم: { **قل هذه سبيلي** } بڵێ ئەوە ڕێگای منە کە ڕوون و ئاشکرایەو ڕاست و ڕەوانەو خوارو خێچی تێدانیە وە هیچ ناشارمەوە لەکەس ئەمە دینی خوای گەورەیە شەرم لەکەس ناکەین لە ڕوون کردنەوەی . دووەم : { **ادعوا الى الله** } بانگەواز ئەکەم بۆلای خوای گەورە نەک بۆ نەفس و حیزب و هیچ مەبەستێکی دونیا تەنها بۆ ئەوەی فەرمانی خوای گەورە جێ بەجێ بکەم نەک هیچ ئارەزوێک . سێهەم : { **على بصيرة** } لەسەر ڕۆشنایی و زانست نەک بە نەزانی بەڵکو بە بەڵگەو تێگەیشتن بە فەرمودەکانی خوای گەورەو پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** بانگەواز ئەکەم . چوارەم : { **أنا ومن اتبعني** } من ( **پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم** ) وە ئەوانەی شوێنم ئەکەون ئاوا بانگەواز ئەکەن ، ئەوە بانگەوازی پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** و ئەوانەیە کە بە ڕاستی شوێنی ئەکەون . پێنجەم : { **وسبحان الله** } وە پاکی بۆخوای گەورە لەوەی کە هاوبەشی هەبێ یان هیچ سیفەتێکی کەم و کوڕی هەبێ یان پێویستی بەوە بێ کە بە تاوان و لادان لە ڕێگای ڕاست لێی نزیک بینەوە خوای گەورە دەوڵەمەندەو پێویستی بە هیچ دروست کراوێک نیە . شەشەم : { **وما انا من المشركين** } وە من ( پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** ) لە هاوبەش دانەران نیم بۆ خوای گەورە بەڵکو بەریم لە هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە وە بەریم لە هەرکەسێک هاوبەش بۆ خوای گەورە دابنێ ، نەک بۆ دونیای لە ناوچوو وە کورسی کاتی وە دەوڵەمەندی ناڕەوا دەست بخەمە دەستی هاوبەش دانەران و وازبێنم لە بانگەوازی ( لا اله الا الله ) بانگەوازی یەک خوا پەرستی .

بەڵێ ئەوە بانگەوازی پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** و ئەوانەی شوێنی پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** ئەکەون ، بانگەواز بۆ یەک خوا پەرستی و لە سەر ڕۆشنایی و بەڵگە و تێگەیشتنەو مەبەستیشیان تەنها ڕەزامەندی خوای گەورەیە نەک وەدەست هێنانی کورسی یان کۆ کردنەوەی دەنگی زۆرو دەوڵەمەند بوون لە سەر حیسابی ئەم دینەو بێ دەنگ بوون لە ناهەق و وتنی ناهەق بۆ ڕازی کردنی خەڵک ، با سەیرێکی ژیانی پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** بکەین و دەرس و عیبرەت وەربگرین ، لە مەککە پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** لەناخۆشترین ژیانا بوو لە گەڵ هاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێبێ ئەشکەنجەو ئازار وە دەر بەدەر بوون و ماڵ زەوت کردن وە لێدان و سجن کردن لە گەڵ ئەو هەموو ناخۆشیە کافرەکان ئەهاتن بۆ لای پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** پێیان ئەوت ئەگەر ماڵت ئەوێ بۆت کۆ ئەکەینەوە تا ئەبی بە دەوڵەمەندترین کەس لە ئێمە ، ئەگەر ژنت ئەوێ جوانترین کچت لە قوڕەیش بۆ هەڵئەبژێرین ، ئەگەر گەورەییت ئەوێ ئەتکەین بە گەورەی خۆمان بێ پرسی تۆ هیچ کارێ ناکەین ، بەڵام واز بێنە لە بانگەوازی ( لا اله الا الله ) پێغەمبەری خوا **صلی الله علیه واله وسلم** بە هیچ شێوەیەک وازی نەئەهێنا لە بانگەوازی یەک خوا پەرستی و ئەی وت من هیچم لە ئێوە ناوێ تەنها بڵێن ( لا اله الا الله ) . الله اکبر ! ئەوە ئەگەر بە سیاسیەکانی ئەمڕۆ بوترێ ئەبێ چی بکەن ! خۆ پێیان ناڵێن خۆیان بە دوای کورسی ڕائەکەن و تەئویلی فەرمودەی خوای گەورەو پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** ئەکەن بۆ مەسلەحەتی کورسی و حیزبەکەیان و ڕازی کردنی خەڵک لە خۆیان!!!

### * جیاوازی بەینی تیرۆرو تۆقاندن و تەقاندنەوە لەگەڵ جیهاد

پێشەکی ئەوە بزانین کە جیهاد بە فەرمانی خوای گەورە فەرز کراوە لە سەر موسڵمانان وە دروشمێکی ئیسلامەو تا ڕۆژی دوایی ( قیامەت ) ئەمێنێ ، وە ئەبێ لە گەڵ هەموو ئیمامێک ( سەرۆکی وڵات ) ی باش و عادل یان خراپ و زاڵم بیکەین واتە خراپی و زوڵمی ئیمام مادام موسڵمانە ڕێگر نیە لەوەی کە لەگەڵی ئەم فەرزە بەجێ بگەینین بەرامبەر دوژمنانی خوای گەورەو دینی ئیسلام ، وە خوای گەورە جیهادی فەرز کردوە بۆ ئەوەی وشەی خوای گەورە بەرز بێتەوەو ئیسلام سەرکەوێ و هاوبەش دانان ( شرک ) نەمێنێ لە سەر زەوی نەک بۆ هیچ مەبەستێکی تر خوای گەورە ئەفەرموێ : { **وقاتلوهم**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**حتـــى لا تكـــون فتنة ويكون الدين كله لله } الانفال ٣٩** وه جـيهاد ئـهبێ لهژێر ڕایهی ئیسلامدا بێ لهگهڵ ئیمام ( سـهرۆکی وڵات ) وه ناشـبێ بـهبێ ئیزنی ئیمامـی موسـڵمانان هـیچ کهسێک له خۆیهوه ههڵسێ به جیهاد کـردن لهگـهڵ کافران ، ئهوه باوهڕی سهلهفی ( موسڵمانی ڕاستهقینه ) به رامبهر به جیهاد . بهڵام ئهوهی ئـهمڕۆ ئهکرێ ئـهو تـیرۆرو تۆقاندن و تهقاندنهوهیه بهناوی جیهاد موخالهفهی ئهم جیهاده شهرعیهیه کـه ڕونمـان کـردهوه لـه چـهند ڕوێکهوه یهکـهم : ئـهوهی ئـهمڕۆ بـهناوی جـیهاد ئهکـرێ کـهس نـازانێ مهبهسـت لـێی چـیهو کـێن ئهوانـهی پـێی ههڵئهسـتن وه بـێ ئـیزنی ئیمامـی موسـڵمانانه وهدژی کافر نیه بهڵکـو دژی موسـڵمانان و ئیمامـی موسڵمانانه ! دووهم : هیچ زانایهکی سهلهفی ڕێگا بهو جۆره جیهاده نادا بهڵکو بهئاشکرا ڕایان گهیاندوه که ئهمه کاری تێکدانهو فهساده له سهر زهوی نهک جیهاد !

سـێهم : ئهمانـهی فهتـوای ئـهم جـیهاده ئـهدهن کـهس نـازانێ کـێن ئایـا ئهمانـه زانـان و ئههلـی فهتـوان خهڵکـێک لـه ئهشکهوت و پشتی پهردهو به تاریکی و ناوی دروستکراو فهتوا ئهدهن کهس نازانێ کێن وه ئهوانـهی ئهناسرێـن کـێن زانایـانی سـهلهفی ڕوونـیان کـردۆتهوه کـه ئهمانه ئههلی فهتـوا نـین و بـهڵکو ئههلـی فهسـادو فیـتنهن وه خـاوهنی بـیری خـهواریج و تـهکفیرین ! چـوارهم : پـێغهمبهر **صلى الله عليه واله وسلم** کـه هـاوهڵهکانی ڕهزای خوایان لـێبێ ئهنارد بۆ جیهاد دژی کافران ئامۆژگاری ئهکردن کهمناڵ وژن و پـیرو پهککهوتـهی کافـر نهکـوژن ، بـهڵام ئهمانه مناڵ و ژن و پیری موسڵمان ئهکوژن فهرقی پێ ناکهن لهگهڵ کافرهکان !

### * ئهی حوکمی ئهو تیرۆرو تۆقاندن و تهقاندنهوه چیه ؟

بـۆمان ڕوون بـۆوه کـه ئـهوه جـیهاد نـیه بهڵکـو فهسـادهو خـراپهکاریه لـه سـهر زهوی وهکوشـتنی موسـڵمانانه بـه ناهـهق و ئهمهش جۆریکه لهتاوانه گهورهکان خوای گهوره ئهفهرموێ : { **ومن يقتل مؤمنا متعمدا فجزاؤه جهنم خلدا فيها وغضب الله عليه ولعنه وأعد له عذابا عظيما } النساء ٩٣** وه { **انما جزاؤا الذين يحاربون الله ورسوله ويسعون في الارض فسادا أن يصلبوا أو تقطع أيديهم وارجلهم من خلاف او ينفوا من الارض ذلك لهم خزي في الدنيا ولهم في الاخرة عذاب عظيم } المائدة ٣٣** بهڕاسـتی ئـهو ئایهتانه دڵی ئینسان ئهلهرزێنێ ئهوهیه سزاو حوکمـی ئهوانـهی که بڕوادار بهناهـهق بکوژن لهجههـهننهم ئهمێننهوه وه خوای گهوره لێیان توڕه ئهبێ وهلهعنهتـیان لـێئهکا وهخـوای گـهوره سـزایهکی گـهورهی بـۆ داناون وه ئهوهیـه سزای وه حوکمی ئهو کهسـانهی تـیرۆرو فهسـاد لـه سـهر زهوی بـڵاو ئهکهنـهوه و شـهڕ ئهکـهن لهگـهڵ خـوای گـهورهو پـێغهمبهرهکهی **صـلى الله علـيه والـه وسـلم** ئـهم سزایه گـهورهیان ههیه ئهبێ بکوژرێن ( له لایهن ئیمامی موسـڵمانان ) وه ههڵبواسرێـن وه دهسـت و قاچـیان بهجـیا ببـڕدرێ وه لـه ئاوهدانی دوور بخرێنهوه به سـجن کـردن و دهرکـردن ئـهوه بۆ ئهوهی ببێ به زهلیلی و سهرشۆڕیان له دونیا ئینجا له قیامهت خوای گـهوره سـزای گهورهی بۆ ئاماده کردوون . وه پێغهمبـهر **صلى الله عليه واله وسلم** ئهفهرموێ : ( **من حمل علينا الـــسلاح فلـــيس منا ، ومن غشنا فليس منا ) رواه مسلم** واتـه کهسێک له ئێمه نیه چهک ههڵگرێ بهرامبهرمان ( شهڕمان لهگهڵ بکا ) . وه کهسێک له ئێمه نیه غهش بکا لێمان وه ئهفهرموێ **صلى الله عليه واله وسلم** : ( **كيف تـــصنع بـــلا اله الا الله اذا جاءت يوم القيامة ) رواه مسلم** ئـهوه بـه ئوسامهی کوڕی زهیدی ووت ڕهزای خوایان لـێبێ کـه کهسـێکی کوشـت لـه کافـرهکان پـاش ئـهوهی وتی لا اله الا الله لـهناو شـهڕا وای زانی له ترسا وا ئـهڵێ نـهک بـۆ خـوای گـهوره پـێغهمبهر **صلى الله عليه واله وسلم** ووتی چـی ئهکهی له لا اله الا الله که هات له ڕۆژی قیـامهت . ئـهی ئهوانـه چ وهڵامـێکیان ههیـه بـۆ خـوای گـهوره کـه موسـڵمانی بـێ تاوان ئهکوژن و فـهرق ناکـهن لـه بـهینی ژن و پـیاو وه مـناڵ و پـیرو گـهنج و قـوتابی و گـوله بهرۆژه فرۆش !!! بزانن که ئوسـامهی کـوڕی زهیـد ڕهزای خـوایان لـێبێ ئهمـهی بیسـت لـه پـێغهمبهر **صـلى الله عليه واله وسلم** یهکسـهر پهشـیمان بـۆوه تهمهنـنای ئهکـرد کهلـهو ڕۆژه موسـڵمان بـوایه ئیـسلامی نهناسیبا پـێش ئـهوه چـونکه ئهترسا له قیامهتی ده ئێوهش به خۆتانا بڕۆنهوه بزانن گهر بهر سزای دونیاش نهکهون قیامهت نزیکه!



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وه (ابو هريرة ) رەزای خوای لێبێ بۆمان لە پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** ئەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : **( دخلت امراة النار في هرة ربطتها ، فلا هي أطعمتها ولا هي أرسلتها تاكل من خشاش الارض حتى ماتت ) رواه البخاري ومسلم** ئافرەتێک لەبەر پشیلەیەک چووە ناو ئاگر چونکە بەستابیەوەو سجنی کردبوو نە خۆی نانی ئەدا نە بەرەڵای ئەکرد لە سەر زەوی بخوا تا مرد . ئەوە پشیلەیەکی کوشت ڕاستەوخۆش نا بەڵکو بوو بە هۆی کوشتنی چووە ناو ئاگر ئەی چی بەو کەسانە ئەڵێی موسڵمانی بێ تاوان لە کاسبکارو سایەق تەکسی و گولە بەڕۆژە فرۆش و قوتابی و منداڵ و پیرو گەنج بە ناهەق ئەکوژێ و خەندەی سەر لێویان ئەکا بە دوکەڵ و خوێن !!!

**⁕ ئەو نەفسانەی خوای گەورە حەرامی کردووە**

خوای گەورە ئەفەرموێ : **{ ولا تقتلوا النفس التي حرم الله الا بالحق } الانعـــام ١٥١** واتە نەفسێک مەکوژن کە خوای گەورە حەرامی کردووە ئیللا بە هەق نەبێ .

ئەو نەفسانەی کە حەرامەو نابێ بکوژرێ یەکەم : نەفسی هەموو موسڵمانێک تەنها لە سێ حاڵەت نەبێ کە ئیمامی موسڵمانان بۆی هەیە بیکوژێ نەک کەسێکی تر بە بێ ئیزنی ئیمام چونکە ئیمام بەرپرسیارە لە جێبەجێ کردنی حوکم بەسەر خەڵکدا ، ئەم سێ حاڵەتەش ئەوەیە ئەگەر موسڵمانیکی ژن یان پیاو زینا بکاو (محـــصن ) بێ واتە ژن بێ شوی کردبێ و پیاو بێ ژنی هێنابێ ، وە ئەگەر کەسێک نەفسێک بکوژێ لە جیاتی ئەو ئەکوژرێتەوە ، وە ئەگەر کەسێک واز بێنێ لە دینی خۆی پاشگەز بێتەوە لە ئیسلام و جیا بێتەوە لە کۆمەڵی موسڵمانان ، بەڵگەشمان فەرمودەی پێغەمبەری خوایە **صلى الله عليه واله وسلم : ( لا يحل دم امرئ مسلم الا باحدى ثلاث : الثيب الزاني ، والنفس بالنفس ، والتارك لدينه المفارق للجماعة ) رواه الـــبخاري ومسلم** بەڵێ وەکو پێشتریش ڕوونمان کردەوە کەسێک بڵێ لا اله الا الله وە شاهێدی بێنێ و نوێژ بکا و زەکات بدا کەس بۆی نیە بیکوژێ و دەست درێژی بکاتە سەری چونکە ئەبێ بە برای موسڵمانان وە خوێن و ماڵی پارێزراو ئەبێ ئەگەر لە ترسیشا وای وتبێ ئێمە بەرپرسیار نین لەوە خوای گەورە خۆی زانایەو حیسابی لەگەڵ ئەکا ، ئەوەی لە سەرمانە بڕوا بکەین بەوەی ئاشکرای ئەکا چی لە دڵایە تەنها خوای گەورە ئەیزانێ کاری ئێمە نیە دڵی لەت کەین و بیخوێنینەوە پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** ئەفەرموێ : **( امـــرت ان اقاتل الناس حتى يشهدوا ان لا اله الا الله ، ويقيموا الصلاة ، ويؤتوا الزكاة ، فاذا فعلوا ذلك عـــصموا منـــي دمـــاءهم وامـــوالهم الا بحـــق الاســـلام ، وحـــسابهم علـــى الله تعالـــى ) رواه الـــبخاري ومـــسلم**

دووەم : نەفسی کافرێکی ( اهـــل الذمة ) ئەوانەی ئەهلی کیتابن لە یەهود وە دیانەکان و مەجوس کە لە وڵاتی موسڵمانان ئەژین و جزیە ئەدەن خوێن و ماڵیان حەرامەو پارێزراوە کەس بۆی نیە بیانکوژێ و دەست درێژی بکاتە سەریان با کافریش بن پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** ئەفەرموێ : **( من قتل رجلا من أهـــل الذمـــة لم يجد ريح الجنة ) رواه النسائي وصححه الالباني** واتە کەسێک پیاوێ لە ئەهلی ( ذمة ) بکوژێ بۆنی بەهەشتی بۆ نایە !

سێهەم : هەرکافرێک پەیمانی ئاشتی هەبێ لە گەڵ موسڵمانان کەس بۆی نیە بیکوژێ با کافریش بێ خوێن و ماڵی پارێزراوە بە پەیمانی ئاشتی وەک ئەم وڵاتانەی پەیمانی ئاشتیان هەیە لە گەڵ وڵاتی موسڵمانان کەس بۆی نیە دەست درێژی بکاتە سەریان و پەیمانی موسڵمانان بشکێنێ پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** ئەفەرموێ : **(من قتل معاهدا لم يرح رائحة الجنة وإن ريحها يوجد من مسيرة أربعين عاما ) رواه البخاري** واتە کەسێ کافرێک کە پەیمانی هەیە لەگەڵ موسڵمانان بکوژێ بۆنی بەهەشت ناکا ، بۆنی بەهەشتیش لە دوری چل ساڵ ڕێگاوە دێت ! چوارەم : ئەگەر کافرێک لە حاڵەتی شەڕبێ لەگەڵ موسڵمانان بەڵام بە ئیزن بێتە وڵاتی موسڵمانان ئەمانی درابێتێ لە لایەن ئیمام کەس بۆی نیە دەست درێژی بکاتە سەر مادام دەوڵەت مۆڵەتی پێداوە جا بۆ هەر کارێک بێ سەردان یا بازرگانی یا کاری دیبلۆماسی خوای گەورە ئە فەرموێ : **{ وإن أحـــد من المشركين استجارك فأجره حتى يسمع كلام الله ثم أبلغه مأمنه ذلك بأنهم قوم لا**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**يعلمـــون } التوبة ٦** واتـه ئەگەر كەسێک لەو موشریکانەی شەڕیان لە گەڵ ئەکەن و خوێنیان حەلاڵە بۆتان داوای ئەمانـیان لـێ کـردن ئـەوا ئەمانـیان بـدەن تـا فەرمـودەی خـوا قـورئان ئەبیـستێ پاشـان بـیان گەڕێننەوە شوێنی خۆیان بە سەلامەتی چونکە ئەوانە قەومێکن نـازانن پێویـستە ڕێگایان بـدەن بـۆ ئەوەی لـە ئیـسلام شـارەزابن . بـەڵێ ئـەم نەفـسانە حـەرامن ، بـەڵام ئەبیـنین ئـەمڕۆ کۆمـەڵێک لادەر لـە ئیـسلامی ڕاسـتەقینە ئـەم ئایەت و فەرمودانە پشت گوێ ئەخەن و دەست درێژی ئەکەنە سەر ئەم نەفسە حەرامانەو ئەشڵێن ئەمـە جیهادە ، پەنا بەخوای گەورە لەگەڵ ئەوەی مانای ئەم ئایەت و فەرمودانەش زۆر ڕوون و ئاشکرایەو زانایانیش زانا سـەلەفیەکان نـەک ئیخوان و حیـزبیەکان ڕوونـیان کردۆتەوە بۆمان کـە ئەمـە نـەک جیهاد نیە بەڵکو فەسـادو تێکدانە لـە سـەر زەوی ، بـەڵام ئەمانـە گوێ ناگرن بۆ زانایان و شوێنی هەوا ئەکەون وە ئەم زانایانەش کافر ئەکەن !

### *ئایا حکومەتەکان کافرن ؟

دیـارە ئەمانـەی کـە ئـەم کارانـە ( تـیرۆرو تـۆقاندن ) ئـەنجام ئـەدەن وە زۆربـەی ئەگـەر نەڵـێین هەمـوو حیـزبە ئیـسلامیەکان بیـری تـەکفیریان هەیـەو لـە سـەر ڕێـچکەی خەواریجـەکانن بەرامـبەر بـە ئـیمام و دەسـەڵاتدار ، بـەوەی کـە کافـریان ئەکـەن و دژایەتـیان ئەکـەن و ئـەوەی ڕازیـش نـەبێ بەو بیرەی ئەوان ئـەوە بوخـتانی بـۆ هەڵئەبەسـتن بەوەی ئەڵێن ئەوە بووە بە دارو دەستەو عەمیل بۆ دەسەڵاتدار ، بەڵام وەکـو سیاسـەت ئەبیـنین چـۆن ئەم حیزبە ئیسلامیانە پاکانە ئەکەن بۆحکومەت و هەوڵی نزیک بونەوە ئـەدەن لـێیان و لـە ڕویـان پـێئەکەنن ، بـەڵام لـە پـشتەوە ئەندامەکانـیان و لایەنگـرانیان لەسـەر ئـەوە پـەروەردە ئەکـەن کـە ئەمانـە (طاغوت ) ن وە کـافـرن ئـەبێ بیان ڕوخێنین وە کە سێکیش موسڵمان نیە ئەگـەر ئـەم سـەرکردانە بـە موسـڵمان بـزانێ وە زۆر بـە ڕاشـکاوانە سـەلەفیەکان تۆمەتبار ئەکەن ئەڵێن سـەلەفیەکان عەمـیلن چونکە ئەم سەرکردانە کافر ناکـەن وە بە سـەلەفیەکان ئەڵـێن چـۆن ئـەبێ ئـەم سـەرکردانە بـە (ولـي امـر) ی خـۆمان بزانین !؟ دیارە ئەمە واقیعەو شاردنەوەی خیانەتە لە ئیسلام و موسـڵمانان ، ئـەم بیـرەش کافـر کـردنی موسـڵمانان شـتێکی تـازە نـیە ، بەڵکـو لـە سـەردەمی هاوەڵـە بەڕێـزەکانی پـێغەمبەر **صـــلى الله علـــيه واله وسلم** سەری هەڵداوە ، ئەوە بوو یەکەم جار خەلیفەی سێهەمی پـێغەمبەریان **صلى الله عليه واله وسلم** ( عثمان بن عفان ) ڕەزای خـوای لـێبێ لە سەر قورئان خوێندنا شەهید کـرد ! وە خەلـیفەی چـوارەمی پێغەمبەریان **صلى الله عليه واله وسلم** ( علي بن ابي طالب ) ڕەزای خوای لێبێ لـە سـەر نوێژا شـەهید کـرد ! وە هاوەڵە بەڕێزەکانیان ڕوزای خوایان لێبێ کافر کرد و خوێنیان حەلاڵ کـردن ! بێگومـان کافر کردنی سەرکردەکانی ئێستایان زۆر لا ئاسانترە ! ئەم بیرە تەکفیریە زاڵە بەسەر هەمـوو حیـزبە ئیـسلامیەکان وە هەمـویان لـە پێشەواکانیان وەریـان گـرتووە وەک (سـید قطـب ) کە مەشـهورە بـەوەی بـیری تەکفیری هەیەو بڕوای وایە هیچ وولات و کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی لە سەر زەوی نیە ! وە ئـەم حیـزبە ئیـسلامیانە هـەر هەمـویان پـەروەردەی کتێـبەکانی (سید قطب ) وە مامۆسـتاکانی تـریانن کـە بڕوایان وایە ئەمڕۆ هیچ وولاتێک و کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی نیە ، تەنانەت وولاتی سعودیەش کافر ئەکـەن ! بەکـورتی ئیمە بەوانە ئەڵـێین هـیچ کەسێک بۆی نیە موسڵمان کافر بکا ئیللا پاش چەند مەرجـێک یەکـەم : ئـەبێ کوفرێکی کـردبێ پـێی لـە ئیـسلام دەربـچێ و بەڵگـەی ڕاشـکاوی لـە سـەر بێ لە قـورئان و سـوننەت ماناکـەی دیـارو ئاشـکرا بـێ . دووەم : ئـەبێ ئیقامەی حوججە واتە ئەبێ بۆی ڕوون کرابێتەوە کـە ئەمـە کوفـرەو بەڵگـەی ڕاسـتی پـێگەشتبێ . سێهەم : ئەم کەسانەی بۆی ڕوون ئەکەنەوەو ئیقامەی حـوججەی لـە سـەر ئەکـەن ئەبێ زانایان بن نەک خەڵکی نەزان و نادیار فەتوا بدا لە ئەشکەوتا کـەس نەیناسـێ ! وەهـەر زانایانیش بـۆیان هەیـە حـوکم بدەن بەسەر خەڵک لەوان زیاتر کەس بۆی نیە حوکمی کوفـر بە سەر کەسدا بدا . لە گەڵ ئەم مەرجانەش ئەبێ ئەوە بزانین گەر کسێک بە کەسێک بڵێ کافـر واش نـەبێ بۆخـۆی ئەگەڕێتەوە ئـەم کوفـرە پـێغەمبەر **صـــلى الله عليه واله وسلم** ئەفەرموێ : **(من قال**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**لأخيه: يا كافر، فقد باء به أحدهما )** **رواه البخاري ومسلم** ، لەبەر ئەوە با ئاگادار بین لەوەی بەموسڵمانێک بڵێین کافر بشزانین ئەمە ڕێگای سەلەفی واتە موسڵمانی ڕاست نیە بەڵکو ڕێگای خەواریجە کانە.

## * هەڵوێستی سەلەفی چۆنە بەرامبەر سەرکردەی موسڵمان ؟

هەڵوێست ئەبێ بە گوێرەی قورئان و سوننەت بێ خوای گەورە لە سەرمانی واجب کردووە کە گوێ ڕایەڵی سەرکردە موسڵمانەکانمان بین تەنها لە تاوان نەبێ وەک ئە فەرموێ : { **يا أيها الذين آمنوا أطيعوا الله وأطيعوا الرسول وأولي الأمر منكم } النساء ٥٩** وە پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** ئەفەرموێ : ( **السمع والطاعة على المسلم فيما احب وكره ما لم يؤمر بمعصية فاذا امر بمعصية فلا سمع ولا طاعة ) متفق عليه**

## * ئەی ئەگەر سەرکردە زاڵم و تاوانبار بێ ؟

ئەم کاتەش نابێ لە گوێ ڕایەڵی دەربچین لە چاکەو بە قسەیان ناکەین لە خراپە ، وە نابێ بە هیچ جۆرێک شەڕیان لە گەڵ بکەین و لێیان جیابینەوەو دژایەتیان بکەین پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** ئەفەرموێ : ( **الا من ولي عليه وال فراه ياتي شيئا من معصية الله فليكره ما ياتي من معصية الله ولا ينزعن يدا من طاعة ) رواه مسلم** وە لە ( عبادة بن الصامت ) ڕەزای خوای لێبێ : ( **بايعنا رسول الله صلى الله عليه واله وسلم على السمع والطاعة في منشطنا ومكرهنا وعسرنا ويسرنا واثرة علينا وان لا ننازع الامر اهله الا ان تروا كفرا بواحا عندكم فيه من الله برهان ) متفق عليه** بەڵێ ئەوە فەرمانی پێغەمبەرە **صلى الله عليه واله وسلم** کەسێک بینی سەرکردەکەی تاوان ئەکا با ڕقی بێ لە تاوانەکەی بەڵام لە گوێ ڕایەڵی دەرنەچێ تەنها ئەگەر ئەمری بە تاوان کرد لە تاوان بە قسەی نەکا ، وە لە سەر ( سمع والطاعة ) و گوێ ڕایەڵی ئیمام پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** پەیمان ( بيعة ) ی وەرئەگرت لە هاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێبێ لە کاتی خۆشی و ناخۆشیان وە لەکاتی گرانی و سانایی وە ئەگەر هەقیشیان بخوا دەرنەچن لە گوێ ڕایەڵیان و دژایەتیان نەکەن ئیللا ئەگەر بینیان کوفرێکی ئاشکرایان کرد کوفرێک وەک ڕۆژ دیار بێ بەڵگەیان هەبێ لای خوای گەورە واتە لە وەحی بەڵگە هەبێ کە ئەمە کوفرەو هیچ گومان و دوو دڵی نەبێ وە مەجالی هیچ شوبهەیەک نەبێ . ئەوە ڕێگای سەلەفیە ڕێگای ئیسلامی ڕاستەقینە وە ئەمە لە بەر ئەوە ناڵێین تا خۆمان بەهیچ کەسێک هەڵواسین یان لە کەس بترسین ، بەڵکو ئەمە فەرمانی پێغەمبەرە **صلى الله عليه واله وسلم** وە مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعەتە وە پێچەوانەی ئەمە مەنهەجی خەواریجەکانەو لادانە لە فەرمانی پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه واله وسلم** .

## * ئەی چۆن ڕێگا لە خراپەو تاوانیان بگرین ؟

دیارە لە بیرو باوەڕی سەلەفی هیچ کەسێک بێ تاوان نیەو بێ هەڵە نیە لەوانەش سەرکردەکان ، بەڵام لە ئیسلام بۆمان ڕوون کراوەتەوە کە ئەبێ چۆن ئامۆژگاریان بکەین و نەهیان لێبکەین لە خراپەو ئەمریان پێبکەین بە چاکە ، نابێ لە سەر مینبەرو لە ناو خەڵکا باسی خراپەو تاوانەکانیان بکەین تا خەڵک هان بدەین بۆ ئەوەی لێیان هەڵگەڕێنەوە بەڵکو ئەبێ بە نهێنی وە لە ڕووی خۆیان ئامۆژگاری بکرێن بۆ ئەوەی نەبێ بە ئاژاوەو فیتنە لە ناو موسڵمانان و ئەو سەرکردە لە بەر چاوی خەڵک نەکەوێ ئەو کاتە بە قسەی ناکرێ و ئەبێ بە فیتنەو موسڵمانان پارچە پارچە ئەبن و لاواز ئەبن پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** ئەفەرموێ : ( **من اراد ان ينصح لذي سلطان فلا يبده علانية ولكن ياخذ بيده فيخلوا به فان قبل منه فذاك والا كان قد ادى الذي عليه ) صححه الالباني في كتاب السنة لابن ابي العاصم ١٠٩٦** واتە کەسێک ویستی ئامۆژگاری خاوەن دەسەڵاتێک بکا با بە ئاشکرا نەیکا بەڵکو دەستی بگرێ تەنیا بمێننەوە ئینجا ئامۆژگاری بکا ئەگەر وەری گرت ئەوە چاکە ئەگەر وەری نەگرت ئەوا ئەو واجبەی لە سەری بوو گەیاندی . ئەڵێن ئەی باشە ئەوە نیە پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** ئەفەرموێ : ( **افضل الجهاد كلمة حق عند سلطان الجائر )** واتە باشترین جیهاد ئەوەیە قسەی هەق بکەی لای دەسەڵاتداری زاڵم . بەڵێ ئەوە جیهادەو گومانی تێدا نیە بەڵام ئەبێ لای دەسەڵاتدار لە ڕووی قسە بکەی هەقی پێ بڵێی نەک لە سەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مینبەرو لە ناو خەڵک بە خراپە باسی بکەی وە خەڵک هان بدەی بۆ دژایەتی کردنی کەچی لە بەرامبەری بلەرزی و مەدحی بکەی ! ئەوەی کە باسمان کرد و ڕوونمان کردەوە شتێک نیە لە خۆمانەوە هێنابمان وە هەڵبەستراو بێ ئەوە فەرمانی خوای گەورەو پێغەبەری خوایە **صلى الله عليه واله وسلم** وە ئەوە تێگەیشتن و باوەڕی هاوەڵە بەڕێزەکانە ڕەزای خوایان لێبێ وەئەوە باوەڕی زانایانی سەلەفیە بە درێژایی مێژوو لەخۆمانەوە یان لە ترسا یا لە بەر خاتری هیچ کەسێک ئەوە ناڵێین بەڵکو ئەوە دینەو واجبە لە سەرمان ڕوونی بکەینەوە ، وە لە هەموو کتێبەکانی سەلەف ئەم باسە ڕوون کراوەتەوە بۆ نمونە لە کتێبی بوخاری و موسلیم وە هوموو کتێبەکانی کە نوسراون بۆ ڕوون کردنەوەی بیرو باوەڕی سەلەف وەک ( عقيدة الطحاوية ) وە ( عقيدة الواسطية ) وە ( لمعة الاعتقاد ) بۆیە تەنها ناوی تەنها ئەم چەند کتێبەم هێنا چونکە زۆر مەشهورن و زۆر لە موسڵمانان ئەیانناسن و لە مەکتەبەکانا دەست ئەکەوێ ئەگینا کتێبی تر زۆرن ناتوانین ناویان لە کتێبێک کۆ بکەینەوە !

**⁕ زیاتر ڕوون کردنەوە ی ئەم باسە**

لە بەر ئەوەی لە سەر ئەم باسە شوبهە زۆرەو خەڵک زۆر لێی بێئاگان پێم باشە زیاتر ڕوونی بکەمەوە ( حذيفة ) ڕەزای خوای لێبێ لە پێغەمبەرەوە **صلى الله عليه واله وسلم** بۆمان ئەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : ( **ستكون بعدي أئمة لا يهتدون بهدي ، ولا يستنون بسنتي ، وسيقوم فيهم رجال قلوبهم قلوب الشياطين في جثمان انس قال حذيفة : كيف أصنع ان أدركت ذلك ؟ قال : تسمع وتطيع الأمير ، وان ضرب ظهرك ، وأخذ مالك فاسمع واطع** ) رواه مسلم

واتە لە پاش من ( پاش پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** ) ئیمام و سەرکردەی وا دێن کە لە سەر هیدایتی من نین وە لە سەر سوننەتی من نین ، وە پیاوی وایان تیا هەڵئەکەوێ کە دڵیان دڵی شەیتانەکانەو لە لاشەی ئینسانە ( حذيفة ) ڕەزای خوای لێبێ ووتی ئەی پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه واله وسلم** چی بکەم ئەگەر گەیشتم بەم ڕۆژە ؟ پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** فەرموی : گوێ ڕایەڵ بەو لە ژێر فەرمانی ئەمیر بە ئەگەر لە پشتیشی دای وە ماڵیشی بردی لە ژێر فەرمانی بەو گوێ ڕایەڵ بە . دیارە ئەم فەرمودەیە هیچ شتێک ناهێڵێتەوە ئەڵێ ئەگەر دڵیان دڵی شەیتان بێ لە لاشەی ئینسان بە زوڵم لێتان بدەن وە ماڵتان ببەن دەرمەچون لە فەرمانیان یانی لە چاکە باشە لە وە زیاتر هەیە ئەگەر سەرکردە ئەوەندە زاڵم بێ نابێ شەڕی لە گەڵ بکەین وە دژایەتی بکەین مادام کافر نەبێ بەڵگە هەیە لەمە بەهێزتر بۆ ئەوەی تێی بگەن چی بە کەسێک بڵێین چاوی دڵی کوێر بووە موخالەفەی ئەم فەرمودەو فەرمودەکانی تری پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** ئەکا هێشتا خۆشی پێ ڕاست بێ وە ئێمەی پێ عەمیل بێ تۆ بڵێی وا بە پێغەمبەریش **صلى الله عليه واله وسلم** بڵێن چونکە ئێمە فەرمانی ئەو جێبەجێ ئەکەین !!! باشە ئەبێ بەلادان لە فەرمودەی پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** بووترێ ئازایەتی و جیهاد خوای گەورەش ئمانترسێنێ و ئەفەرموێ : { **فليحذر الذين يخالفون عن أمره أن تصيبهم فتنة أو يصيبهم عذاب أليم** } **النور ٦٣** وە { **فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما** } **النساء ٦٥** .

وە با نمونەیەک بێنینەوە لە ژیانی زانایەکی سەلەفی ئەویش ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕەحمەتی خوای لێبێ کە پێشەوای ئەهلی سوننەیە و لە سەردەمی ئەوا فیتنەیەکی زۆر گەورە بلاو بۆوە کە فیتنەی ( خلق القران ) بوو خەلیفەی ئەو سەردەمە خەڵکی بە تایبەتی زاناکانی لە سەر ئەم فیتنە ئازار ئەداو ئەکوشت ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لەو زانایانە بوو کە کەوتە ژێر قامچی و سجن کراو ئازارێکی زۆر درا بۆ ئەوەی بڵێ قورئان دروستکراوە نەک کەلامی خوای گەورە دیارە کەسێکیش بڵێ قورئان دروست کراوە کوفر بە خوا ئەکاو تاوانی گەورە تریشە لە کەسێک بڕوای بە قورئان بێ بەڵام حوکمی پێ نەکا لە گەڵ ئەوەش ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بوو بە نمونەیەک بۆ موسڵمانان لە خۆڕاگری لە جێبەجێ کردنی فەرمانی پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** وە نەترسانی لە قامچی و سجن و کوشتن وە لانەدانی لەهەق نەک خۆی بشارێتەوەو هانی خاڵک بدا ! لە ڕووی زاڵمەکان وەستا بەهەق وە کە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەهاتن پرسیاریان لێئەکرد با دەرچین لە گوێ ڕایەڵی ئیمام و شەڕ بکەین ئەی وت : ئارام بگرن خوێن مەڕێژن من لە گەڵ خوێن ڕشتن نیم ئیمامێکی زاڵم باشترە لە فیتنەو ئاژاوە !!! ئەمەیە مەنهەجی سەلەف خۆڕاگری لە سەر هەق و لانەدان لە سوننەت نەک هاندانی خەڵک بۆ شەڕو فیتنە .

لە کۆتایی داوا ئەکەم لە خوای گەورە کە هەموو موسڵمانان کۆ بکاتەوە لە سەر هەق وە یارمەتی سەرکردەکانمان بدات بۆ سەرخستنی هەق و خەڵکی باش بکا بە یاوەریان و لانەدەن لە فەرمانەکانی خواو خوای گەورە ئەوانیش وە هەموو موسڵمانێک ڕاگیر بکا لە سەر ئیسلام و سوننەتی پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم .**

## هەندێک لە سەرچاوەکان

شەرحی ( لمعة الاعتقاد ) : شێخ محمد بن صالح العثيمين

القول المفيد شێخ محمد بن صالح العثيمين

كتاب السنة لابن ابي عاصم بتحقيق الالباني

الدعوة الى الله بين التجمع الحزبي واتعاون الشرعي : علي بن حسن الاثري

معاملة الحكام في ضوء الكتاب والسنة : عبد السلام بن برجس

وە سودم لە جەند سەرچاوەیەکی تریش وەرگرتووە وسبحانك اللهم وبحمدك اشهد ان لا اله الا انت استغفرك واتوب اليك



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com